# گۆرانیی کوردی یان بێ حورمەتی و سوکایەتی کردن بە ژن؟!

**سامالْ**

"هەر چەند رەخنە گرتن لە ئاواز و مۆسیقای کوردی کاری من نییە، بەلاّم وەك لایەنگرێکی شێلگیری مافی ژنان ئەو چەند دێرە دەنووسم".

ئەگەر هەر کام لە ئێمە لە تەواوی ژیانماندا بە لانی زۆرەوە تەنیا یەك رۆژ کاتێك کە لە ماڵەکانمان دانیشتووین و سەیری تەلەفزیۆن دەکەین، یان کاتێك کە سواری سەیارە دەبین، یان لە نێو بازاڕدا دەگەڕێین، سەرنج بدەینە ئەو هەموو گۆرانییە کوردیانەی کە دەیانبیستین یان بە کلیپەوە دەیانبینین! لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو گۆرانیانەدا یەکێك لەو خاڵە هاوبەشانەی کە هەستی پێدەکرێ، بێجگە لە سوکایەتی کردن بە ژن هیچی تر نییە. هەڵبەتە ئەمە شتێك نییە کە تەنیا تایبەت بێ بە کوردستان، بەڵکو لە سەرجەم ولاّتەکانی تریش هەیە بەلاّم بە پێی هەلومەرجەکە چۆنێتی و کزی و لاوازیەکەشی جیاوازە. بەلاّم ئێمەی کە لەم کوردستانە دەژین بە پێی نزیکایەتی و تێکەلاّویی زیاترمان لە گەڵ گۆرانیی کوردی، تەنیا لە سەر ئەم بەشە لەو بەناو هوونەرە، نووسینی چەند دێڕێك بە پێویست دەزانم.

ژن و کەسایەتی ژن لە گۆرانیی کوردیدا " بەگشتی" نەك وەکو مرۆڤێك بەڵکو تا ئاستی ئەو شتومەکانە دابەزیوە کە دەکرێ لە گەڵ زۆر شتی بێ بایەخ هەڵیسەنگێنی و هەرجۆرە قسە و قسەڵۆکێك و بێحورمەتییەکی لە ژێر ناوی شیعر پێوە نوسێنی. لە باس کردنی چیرۆکی عاشقانەی ژن و پیاو و ناکامیەکانی، لەو قوڕبەسەریانەی کە لەم رێگایەدا ژن بە سەر پیاوی دێنێ، لە باس کردنی بێوەفایی و خەیانەتکاریی و بێ ئابروویی ژن، لە ناز و ئەدا کردن و چاو خومار کردن بۆ ئەوەی خۆی لە دڵی پیاوێکدا جێ بکاتەوە و ... هەتا دەگاتە شوبهاندنی قەد و بالاّ و چاو و برۆ و سینگ و مەمکی و بەلەکی بە هەموو جۆرە میوە و سەوزی و ئاژەڵێکی کێوی و ماڵی و تەنانەت نرخ دانان و دیاری کردنی نرخەکەشی! هەر هەمووی بێحورمەتی کردن بە ژنە و بەو چاوە سەیری ژن دەکرێ کە تەنیا ئامڕازێکە لە خزمەت پیاو و خۆشی و ناخۆشیەکانی پیاودا.

کاتێك کە گۆرانی گوتن لە ژێر ناوی هوونەر دا پێ لە بەرەی خۆی زیاتر رادەکێشێ و پێ دەنێتە بواری بزووتنەوە کۆمەلاّیەتیەکان و بە تایبەت بواری مەسایلی ژنانەوە، ئیدی ئەو هەویرە ئاوێ زۆر هەڵدەگرێ و دەبێ قسەشی لە سەر بکرێ.

لێرە و لەم کوردستانەی ئێمەشدا هەمیشە و بەردەوام دیتومانە و لە هەموو میدیاکانیشەوە دەیبینین بە داخەوە زۆرن ئەو ژنە گۆرانی بێژانەی کە بە رواڵەت لایەنگری مافی ژنن و بە چڕوپڕی قسەی لە سەر دەکەن، بەلاّم هەر کە هەستان و دەستیان کرد بە گۆرانی گوتن، هەموو ریسەکەیان دەکەنەوە بە

**خوری و ئەوانیش هەر ڕێك لە زمان پیاوێکەوە دێن و باس لەو هەموو شتانە دەکەن کە لە سەرەوە باسیان کرا. یان بەشی هەرە زۆری ئەو گۆرانییە کوردیانەی کە بۆ هەڵپەڕکێ گوتراون و خەڵکیش بە ئاوازە شادەکەی هەڵدەپەڕن و چاوەڕوانی هیچ پەیامێکیشی لێ ناکەن، بۆ دەبێ هەر هەموویان بێن و ژن و ئەندامەکانی لەشی وەك باغ و باغات لە قەڵەم دەن، تازە بەوەش تێر نابن و لە سەر کاڵی و گەیویەکەشی قسە دەکەن!**

**ئایا بە راستی کەمن ئەو هۆنراوانەی کە ئاوا بێحورمەتی و سوکایەتی بە ژن و کەسایەتییەکەی نەکەن؟ یان ئاواز دانەری گۆرانیەکان زۆر ئەم شیعرانە بۆ گۆرانیی بە گونجاو نازانن؟ یان بە راستی ئەو دابونەریتە لە کوێوە هاتوە کە ئێستا ئێمەش هەر بەو ئاقارە دادەڕۆین و لێ لادانیشی بە حەرامکراو دەزانین؟! وەڵامی ئەو پرسیارانە هەر چییەك بێ، دایدەنێین بۆ کەسانی شارەزای ئەم بوارانە. بەڵام ئەوەیکە ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم رۆڵە کاولکارییە لە لایەن شاعیران و گۆرانی بێژان و ئاوازدانەرانی نەتەوەیی و ناوچەییەوە بەڕیوە چوە.**

**خاڵی جێی سەرنج لێرەدا ئەوەیە کە زۆربەی ئەو کۆڕ و کۆمەڵی ژنانەش کە لێرە پێك هاتوون و لە پێناو چاکسازی و ماف ئازاد و یەکسان بۆ ژنان هەوڵدەدەن، کاتێك کە بۆنەیەکی تایبەتییان دەبێ و خەڵکی بۆ بانگهێشت دەکەن، ئەم شتانە زۆر بە روونی لە وێشدا رەنگ دەدەنەوە. بەهەر حاڵ ئەو رێکخراوانە و ئەو ژنە سەربەخۆیانەی کە بۆ بەرابەریی راستەقینەی ژن و پیاو چەرمەسەرییان چەشتوە یان خۆیانی پێوە ماندوو دەکەن، دەبێ بە لە قاودانی هەر چەشنە سوکایەتییەك بە ژنان دەوری خۆیان لەم گۆڕەپانەشدا بنوێنن بۆ ئەوەی سوننەتە داڕزیو و دواکەوتوەکان جێگای خۆیان بە مرۆڤدۆستی بدەن.**

**پێشڕەوانی بواری مەسایلی ژنان لە کوردستان بە ژن و پیاوەوە و بە تایبەت ژنان کە کەسانی سوکایەتی پێکراوی ئەم کۆمەڵگایەن و دەشزانن کە ژن لە کۆمەڵگەکەماندا بە نیوە ئینسان حیساب دەکرێ و ئەوەش باش دەزانن کە ئازادیی و یەکسانیی ژن و پیاو لە گەڵ دابونەریتی پیاو مەزنی و خێڵەکیانە نایەتەوە، دەبێ چاویان لە ئاست راستییەکان هەڵێنن و دابونەریتی کۆن و دواکەوتوانە ریپۆق نەخاتە چاویانەوە.**

**لە کۆتاییدا قسەی من روو بە هەموو خوێنەرانی ئەم بابەتە ئەوەیە کە نەچن "وشەی ژن" لە گۆرانی کوردی دەرباوێن، چوونکە ئەگەر وا بکەن گۆرانییەك نامێنێتەوە کە زاخاوی مێشکیانی پێبدەن!!!**

**2006/11/24**